# بەیت و بەیت وێژی لە ناوچەی بۆکان

من بە بیرەوەریی خۆم بەیت وێژێکم نەدیوە خەڵکی ناو شاری بۆکان بووبێت، ئەگەریش بووبێت من لێیان بێ هەواڵم. بەڵام دەزانم لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان بەیت وێژ هەبوون و زۆریش بوون. مامۆستا قادری فەتاحی قازی لە سەرەتای دوو کتێبی "میهر و وەفا" و "بارام و گوڵەندام" چاپی زانکۆی ئەدەبی زانستگەی تەورێزدا ناو و ژیننامەیەکی کورتی چەند بەیت وێژی نووسیوە کە بەگشتی هەموویان خەڵکی ناوچەی موکریانن و لە ناویاندا بەیت وێژی دەوروبەری بۆکان تا هەوشار و میاندواو و مەهاباد، ژمارەیان گەلێک بەرچاوە. ئەوە ناوەکانن:

**هەڵکەتی و خڕناڵ**، هەردوکیان خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە نێوان بۆکان و میاندواو بوون؛

**ئەحمەد هەڵوا**، خەڵکی گوندی قەڵای ڕەسووڵە سیت لە هەمان ناوچەی چۆمی مەجیدخان بووە؛

**مەجیدە گڕوێ**، خەڵکی گوندی کەلبی ڕەزاخان بووە، هەندێ خوارەوە تر بۆ لای میاندواو؛

**قاسم هەوشاری**، دەبێ خەڵکی بەشی هەوشار بووبێت؛

**بەشیر بەگ**، خەڵکی گوندی تورجان بووە؛

**عەلی بەگ**، ئەویش خەڵکی گوندی تورجان بووە؛

**مامەشێرە**، خەڵکی گوندی پیروەلی باغی مەحاڵی ئەختاچی [دەوروبەری چیای تەرەغە] بووە؛

**خدری خالی**، خەڵکی گوندی باخچەی مەحاڵی ئەختاچی [دەوروبەری چیای تەرەغە] بووە؛

**حەسەنە کوێر**، خەڵکی گوندی عیساکەند بووە هەر لە دەوروبەری چیای تەرەغە؛

**عەزیز دمرقایە**، خەڵکی گوندی قەرەگوێز بووە هەندێک بەرەو باشوورتری ناوچەی تەرەغە؛

**فەتحە بەگی کوڕی جانگیر بەگ**، ئەویش هەر خەڵکی گوندی قەرەگوێز بووە؛

**حەسەن سووتاو**، خەڵکی گوندی حەمامیان بووە لە نزیک شاری بۆکان؛

**خانەی مام عەزیز**، خەڵکی گوندی وشتەپە بووە لە نزیک شاری بۆکان؛

**حەمە سووری شایەر**، ئەویش هەر خەڵکی گوندی وشتەپە بووە لە نزیک شاری بۆکان؛

مامۆستا هەروەها ناوی **"ئەحمەدی کۆر"** ی لە زومرەی بەیت وێژان داناوە و نووسیویەتی مەنزوومەی "بەهاریە"ی ئەحمەدی کۆر شێوازی بەیتی هەیە؛ ئەویش لە گوندی عەمباری نزیک شاری بۆکان نێژراوە.

من، به كەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەیەک كە لە خوارەوە باسی دەكەم، دەتوانم ناوی چوار بەیت وێژی گەورش لەو لیستەیەی سەرەوەی ڕێزدار قادر فەتاحی قازی زیاد بكەم:

**مامۆستایان عەلی كەردار، ساڵە كوردە، ئاوڕەحمانی قەڕەڵی و حەمەجان.**

١. **<u>عەلی كەردار:</u>** هەواڵی ڕاستەوخۆم لە مامۆستا عەلی كەردار نییە و تەنیا دەنگیم بیستووە. بەڵام برادەرێكی گەلێک خۆشەویست لە بۆكانەوە ئەم زانیارییانەی سەبارەت بە مامۆستا بۆ ناردووم كە لە وتارێكی جەنابی 'مەلا مستەفا ڕەشیدی' وەرگرتووە.[1] بە گوێرەی وتارەكە، "مامۆستا عەلی كەردار ناوی "عەلی گەڵلەبانی" یە، لە ساڵی ١٣٠٠ ی هەتاوی [١٩٢١ی زایینی][2] لە گوندی قۆزلووی گەوركایەتی لە دایک بووە و لە گوندی "باخچە" ی مەحاڵی ئەختاچی سەر بە بۆكان ژیاوە و هەر لەوێش لەڕۆژی ١٣٨١/٥/١١ [٢٠٠٢/٨/٢] كۆچیدا وەفاتی كردووە." من دەقی وتارەكەی مامۆستا مەلا مستەفا لە كۆتایی ئەم وتارەدا دەهێنم.

لە كتێبی "گەنجی سەربەمۆر" ی كاک 'ئەحمەدی بەحری' شدا دەقی ئەم بەیت و بەندانەم بینیوە كە لەبەر دەنگی مامۆستا ی نەمر عەلی كەردار نووسراونەتەوە: پایزە، ئازیزە، حەیران، سەیدەوان و خەج و سیامەند. هەروەها لە سەر ماڵپەڕی یووتیووبیش ئەم بەند و بەیتانە بە دەنگە زوڵاڵەكەی مامۆستا هەن: سەیدەوان، كاكە میر و كاكە شێخ، ئازیزە، گەڵۆ و حەیران؛ ئەوش ئەدرێسەكەیانە:

بەیتی سەیدەوان:

http://www.youtube.com/watch?v=D9W_FR6AD2M

بەیتی كاكەمیر و كاكە شێخ:

http://www.youtube.com/watch?v=D9W_FR6AD2M

بەندی ئازێزە:

http://www.youtube.com/watch?v=S_0f6OflSPA

بەندی گەڵۆ:

http://www.youtube.com/watch?v=SnEaRoUwmEI

حەیران:

http://www.youtube.com/watch?v=VBbfcAxDJpM

---

[1]. ڕەشیدی، مەلا مستەفا؛ "سەفەرێک بۆ بناری میرقاز"، گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٤٣.
[2]. لە سەر كێلی قەبری مامۆستا نووسراوە لە ساڵی ١٣٠٧ [١٩٢٨ز] لە دایک بووە.

٢. **<u>مام ساڵە کوردە:</u>** هەر لەو وتارەی سەرەوەی مەلا مستەفا ڕەشیدیدا ئاماژە بە ناوی "مام ساڵە کوردە" کراوە کە یەکێک بووە لەو دوو کەسەی وا عەلی کەردار بەیت و حەیرانیان لێ فێر بووە. خەڵکی گوندی باخچەی موکریان بووە و بە پیری زۆر شتی فێری عەلی کەردار کردووە.

٣. **<u>ئاوڕەحمانی خەڵکی گوندی قەڕەڵی:</u>** "ئاوڕەحمان"یش بە پێی قسەی عەلی کەردار، مامۆستای بووە و عەلی کەردار لە "باخچە" ی دەوروبەری تەرەغەوە چۆتە گوندی "قەڕەڵی" بۆ ئەوەی بەیت و حەیرانی لێ فێر بێت. ئەم زانیارییەشم هەر لە وتارەکەی مەلا مستەفا ڕەشیدی (سەرەوەتر) وەرگرتووە.[3]

٤. **<u>حەمەجان:</u>** من خۆم "مامۆستا حەمەجان" م بینیبوو. جارێکیان لە دەوروبەری ساڵی ١٣٥٠ [١٩٧١] برادەرێکی خۆشەویستم بانگی کردبووە ماڵی خۆیان لە بۆکان و منیش چوومە خزمەتی. حەمەجان دۆستی باوکی برادەرەکەم بوو. هەندێک بەیت و بەندمان بە دەنگە خۆشەکەی تۆمار کرد، باش لەبیرمە یەکیان "بەیتی کانەبی" بوو و یەکی دیکەیان "لەشکری". دەزانم دەنگە تۆمارکراوەکە لای ئەو برادەرەمان ماوە و هیوادارم هەوڵ بدات نەفەوتێ و بڵاوی بکاتەوە. باشترین شوێنیش بۆ پارێزرانی شریتەکە و گوێ ڕاگرتنی خەڵک، ماڵپەڕی "یووتیووب"ە.[4]

ئەم دێڕانەی خوارەوە ژیننامەیەکی کورتی حەمەجانی نەمرن کە هەمان ئەو برادەرە خۆشەویستە لە کوڕێک لە کوڕانی حەمەجانی پرسیوە و نووسیویەتەوە و بۆی ناردووم. دەستی هەردوکیان خۆش بێت:

"حەمەجان کوڕی عارف جانە. لە ساڵی ١٢٨٤ ی هەتاوی [١٩٠٥ ی زایینی] لە گوندی "کانی تۆمار"ی ڕۆژئاوای بۆکان لەدایک بووە. لە سێ ساڵییەوە بە هەوڵی خۆی و یارمەتی مامی (کاک حەمەدەمین) فێری بەیت و حەیران بووە. دەنگێکی زۆر زوڵاڵی بووە ولە فێربوونی بەیت و بەندیشدا زۆر لێهاتوویی پیشانداوە. تاقە کوڕی باوکی بووە و ماوەیەک درەنگتر، ماڵی هاتۆتە گوندی "سێوەدین" لە هەمان ناوچە، لەوێ "کاڵێ خاتوون"ی خەڵکی گوندی "لەگز"ی بۆکانی مارە کردووە و لە ئەنجامدا چوار کوڕ و پێنج کچیان بووە کە بەداخەوە هیچکامیان نەکەوتوونەتە شوێن بەیت و گۆرانی گوتن. حەمەجان بەیتی کانەبی، ئایشێ گوڵ، خەج و سیامەند، ناسر ومالمال، سەیدەوان ومەلکەوان هەروەها بەندی سوارۆ، پایزە، بەهارە، ئازیزە و زۆر بەیت و بەندی دیکەی زانیوە. لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تووشی ئازاری شێرپەنجە هاتووە و لە ساڵی ١٣٦٢ [١٩٨٣] لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی شاری تەورێز ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆکان و لە گۆڕستانی کۆنی "میرئاوا" ئەسپەردەی خاک کراوە. یادی بەخێر بێت."

مامۆستا حەمەجانی نەمر هەمان ئەو ڕۆژەی وا هاتبووە ماڵی برادەرەکەم، بەیت (یا خود "بەند") ێکی تازەتریشی بۆ گوتین بە ناوی "عەزیمە" کە مێژووی هاوچەرخی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی و ساڵانی نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دەگرتەوە. لام وا نییە ئەو بەندە لەهیچ سەرچاوەیەکدا بڵاو

---

[3]. هەر مامۆستا مەلا مستەفا ڕەشیدی لە کۆتایی وتارەکەیدا (سەرەوەتر)، کاتێ دەیەوێت باسی کەیفییەتی بەرزی بەند و گۆرانی و بەیتەکانی عەلی کەردار بکات دەنووسێت: "عەلی کەردار لە هەرکوێیەک بیگوتایە خەڵک بێدەنگ دەبوو و گوێی ڕادەگرت. من کەلیمەی ئاوام لە "حاجی سمایل کاکەلاو"ی "مەحمەشەی سەرێ" نەبێ لە کەس نەبیستتوە. بەم پێیە، ئەو زاتەش بەیت وێژێکی مەزن بووە بەڵام ئەوەندەی بزانم لە هیچ شوێنێک ناوی نەهاتووە.

[4]. دیارە لە دەرەوەی ئێران! لەبەر ئەوەی مەلاکانی قوم ئەو ماڵپەڕە گرنگەشیان لە خەڵکی ئێران داخستووە، لە کاتێکدا بۆ گەلی کوردی کەم دەرەتان شوێنێکی گەلێک باشی پارێزرانی کەلەپوورەکەی و گوێ ڕاگرتن و بینینی خەڵکە.

بووبێتەوە. جا نازانم کەس تۆماری کردووە یان نا؟ ئەوە چەند دێڕ یان فەردی بەندی "عەزیمە" یە کە من هەر لەو ساڵانەوە لەبیرم ماون:

*"عەزیمە مەرد و ڕەندە*

*سەرکوڵمەی دەڵێی قەندە*

*نێوبانگی عەزیمە لە ئێران و دەربەندە*

*قەوماوە، قەوماوە. لە ..... خان قەوماوە*

*.... عەزیمە هەڵگیراوە....*

لە کتێبی "گەنجی سەربەمۆر" ی کاک ئەحمەدی بەحریشدا دووبەیتی سەیدەوان و خەج و سیامەند، هەروەها بەندی "پایزە" بە ناوی حەمەجان نووسراونەتەوە.

لام وایە بەیت لە هەموو موکریاندا باو بووە و گوتراوە تەنانەت لە قۆناغێکدا باڵی کێشاوەتە سەر ناوچەی سنەش.[5] بە دڵنیایی باکووری کوردستانیش لانکەیەکی گرنگی پەروەردەی بەیت وێژان بووە، هەر لە سووریا و تورکیاوە هەتا دەگاتەوە ناوچەی هەرکی و شکاکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام بە داخەوە بەشی لای ورمێ و سەڵماس و خۆ و ماکۆ پشت گوێ خراوە و بەیت و باوەکانی تۆمار نەکراون گەرچی ئێستاش هەر دەرفەت ماوە و هیوادارم هیممەتدارێک خەمیان بخوات و تۆماریان بکات. [6]

لە خوارەوە کۆپی وتارەکەی مامۆستا مەلا مستەفا ڕەشیدی دەهێنم کە لە گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ١٣٤/١٣٣م وەرگرتووە بە سپاسی زۆرەوە بۆ ئەو برادەرە خۆشەویستەی وا لە بۆکانەوە بۆی ناردووم:

---

[5]. مامۆستا قادر فەتاحی قازی لە سەرەتای کتێبی "منظومە کردی بهرام و گلندام" دا ناوی "باوەجان عەلی" دەبات و لە زمان وەستا عەلی خەیاتی سنەییەوە دەڵێ بەیت وێژێکی سنەیی بووە کە لە سەردەمی کەریم خانی زەندا ژیاوە.

[6]. قادر فەتاحی قازی لە سەرەتای "مەنزوومەی مهر و وەفا" دا ناوی "میر فەتاحی هەرکی" وەک بەیت وێژ دەهێنێت. هەرکییەکان لە دەوروبەری ورمێ دەژین.

# سەفەرێک بۆ بناری میرقاز

سالی 1343ی هەتاوی بۆ خوێندن چوومە مزگەوتی سووری مەهاباد. ئاشپەزێکمان هەبوو بە ناوی برایم عەدالی. ڕۆژێک درەنگ هات، پێمان کوت کاک برایم ئەورۆ بۆ وا درەنگ هاتی؟ کوتی: مەلاکان ئەوشۆ سێ میوانمان لە مالێ بوو؛ ئەوەندە پیاوی چاک و قسەخۆش بوون! یەکیان لەگەلە بەیت و حەیرانی وا دەلێ کەس وای نەکوتووە. فەقێش لە هەلێکی وا دەگەڕان، چونکە هەموو غەریب، دوور لە مالی باب و کەسوکار بووین. کوتمان شەوێ دێینە دیدەنیان. شەو بە سەردا هات، چووینە خزمەتیان. زۆریان پێ خۆش بوو، وەکوو ئەوەی چەند سالە یەکتر دەناسین. ئێمەش بە دیتنیان دلمان کراوە. پیاوی چاک، قسەخۆش، زانا و لە دلان نزیک؛ دیار بوو هەر سێکیان خەلکی گوندی باخچەی مەحالی ئێلتەیموور بوون، بەو ناوانە: میرزا ئیسماعیل ئەفسەری؛ حەمەسالح ئەحمەدی، عەلی کەردار.

دانیشتین، دوای چایی و شەوچەلە هەر بۆخۆیان ڕوویان لە کاک عەلی کرد و کوتیان شتێک بۆ ئەو میوانانە بلێ. دەستی پێکرد؛ ئازیزێ و گەلۆیەکی کوت، مەلی بە ئاسمانەوە ڕادەگرت. ڕەببی قەبریان پڕ بێ لە نوور.

مالمان لە دارەگردەلە بوو؛ لەگەل باخچە ئەو دیوەودیوی کێوی تەرەغەن. لە هەمووانم زیاتر پێخۆش بوو. ئیتر بووین بە دۆست و هەتا دوو و سێ ڕۆژان نەمانهێشت بڕۆنەوە. ئەوجار ئەوان دەهاتن و ئێمە دەچووین. ئەوان هاتنە شار، ئەمن چووم بۆ زاواکێو، بەلام پێمان لێک نەدەبڕا. میرزا ئیسماعیل ئەفسەری دوای زیارەتی مەککەی موکەڕڕەمە لە ڕێکەوتی 1376/1/27ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد و کۆڕی هەوالانی بەجێ هێشت؛ خوداوەند لە ژێر سێبەری خۆیدا بیحەسێنێتەوە ئینشائەللا. دواتر حەمەسالح ئەحمەدی لەگەل کاک عەلی لە قسەی خۆش و دەنگی بەسۆزی کاک عەلی بێبەشیان نەدەکردین؛ هەتا لەناکاو عەلی گەللەبانی "عەلیکەردار" 1381/5/11ی هەتاوی بۆ لای مالی حەق گەڕاوە و بە خۆی و هونەرە کەموێنەکەیەوە لە نێو غەم و پەژارەی ئەدیبان و هونەردۆستان بۆ گۆڕستانی مەلابادین لە بن کێوی بلیندی میرقاز گەڕایەوە و برایەوە، ڕەحمەتی خوداوەندی لەگەل بێ.

ئیتر دەمانکوت شوکر حاجی حەمەسالح ماوە، بۆنی هەموویانمان بەوەوە ناوە، بەلام دیار بوو پەیکی ئەجەل دەستبەردار نەبوو. لەناکاو بای ئەجەل هات و تۆماری ژینی ئەویشی پێچایەوە و 1387/9/21 فەوتی کرد.

ئیتر ئەمن لەو کاروانە بەجێ ماوم؛ کوتم نەکا لەپڕ بای ئەجەل بێ و بدڕێ بەرگی نەژاکاوی هومێدم، نەپەرژێم ئاوڕێک بدەمەوە و سەرێک لە کەس هەلێنمەوە. هەتا ماوم سەفەرێک بۆ گوندی باخچە بکەم. دیدارێک لەگەل ئەو جێگا و ڕێگایانەی کە زۆر جار لەگەل ئەو دۆست و هاوڕێیانە دانیشتن و ڕۆنیشتن و سەیروسەیاحەتمان لێکردووە، هەم یادێک لە مێژووی "گوندی باخچە"و "کێوی میرقاز"و لە زانا و ناودارەکان و لە زۆر دیاردە و شوێنەواری وا کە پێویستە بناسرێ و بزاندرێ بکەین. ئەوە بوو لە ڕێکەوتی1392/4/28 لەگەل چەند هاوڕێ لە بۆکان بە پەنا باغی بەلالووکی میراوادا تێپەڕین کە دەتکوت کیژی ڕووسووری کوردە تارای سووری پۆشیوە. بە ڕێگای "داربەسەردا "ڕۆیشتین چووینە سەر کانی حەوتەوانان، چونکە لە سالی 1341ی هەتاوی لە وێ فەقێ بووم باشم دەزانی کە ئاوێکی هەیە ڕوون و جوان؛ تێرمان ئاو خواردەوە. حەوتەوانان چەند قسەی لە سەرە: 1. ئەوێ دێ کۆنە، زوو ئەسحابە هاتوون لە وێ شەڕیان کردووە، حەوت نەفەریان لێ کوژراوە، ئیتر ناویان ناوە "حەوتەوانان". 2. هێندێک دەلێن پشتی ئەو کانییە دوو لووتکەی بلیندی لێیە بە ناوەکانی: کێوەسپی و بەردەزەرد. کاتێک لە پاییزاندا "کۆ و تەرازوو" کە حەوت ئەستێرەن و حەوتەوانانیشی پێدەلێن هاتوونە سەر ئەو دوو لووتکە بلیندە خەریک بووە لە سۆیە ئاوا بن. ئیتر کوتوویانە حەوتەوانان هاتوونە سەر ئەو لووتکانە کاتی تێکردنی نێر و بەرانی مەڕی پاییزانە. با لە سەر ئەو کانییە نێر و بەران تێکەل کەین. ئیتر ئەو ئەستێر و کانییە بە حەوتەوانان ناودێر کراوە.

کۆ و تەرازوو حەوت ئەستێرەی ڕووناک و پڕشەنگدارن کە بە عەرەبی دووببی ئەکبەر و دووببی ئەسغەری پێدەلێن و بە فارسیش هفتبرادر، خوشەی پروین و بە کوردیش حەوتەوانان، کۆ و تەرازوویان پێدەلێن. دیارە حەیوانەکێویش وەکوو بزن و مەڕ لە بەهارێوە پێکەوەن، بەلام هەتا کۆ و تەرازوو لە پاییزدا ئاوا نەبن جووت نابن و وێک ناکەون؛ بۆیە هەمیشە لە سەر زارە و باوە دەلێن وەک حەیوانەکێوی وای چاوت هەر لە کۆیە، ئەوە بۆ کەسێک دەکوترێ کە زۆر چاوەڕوانی کەسێک یان شتێک بێ.

2. لەو جێگایانەی لە سەر ڕێگادا دەبوو ببیندرێ پیرمحەممەدی بوغدەداغی بوو. بوغدەداغی گوندێکە لە 15 کیلۆمیتری شاری بۆکان، 20 بنەمالەیە و 106 نەفەری تێدا دەژی. زۆرینەی خەلکەکەی سەیدن لە بنەچەکەی سەیدی ماوەلۆیەن. لە پەنا ئەو دێیە کێوێکی لێیە، پێیدەلێن "پیری محەممەد"؛ وارشێکی لە سەرە. دەلێن قەبری ئەسحابەیە یان پیاوچاکە. هەموو ڕۆژانی چوارشەممە خەلک لە زۆر ناوچەکانی کوردستان دێن بۆ سەر ئەو پیرمحەممەدە. هەر کەس مریشکی پێیە و لە وێ سەری دەبڕێ و خوێنەکەی لەگەل گل تێکەل دەکا و لە لەشی نەخۆشەکەی دەدا. گلی ئەوێ گلەسوورەیە. زۆرتر ئەو نەخۆشانە دەبەن بۆ ئەوێ کە ئەو دەردانەیان هەیە: تیراوێ، باداری، بای سوور، حەوتتوێلکە، خەیارە، چاوهێشە، موو، سوورەکوان. کەلاکی مریشکەکەش دەدەن بەو کەسەی کە لە ڕێگایە زوو بیگرێتەوە، بەلام ئێستا بۆتە نۆبە هەر چوارشەممە هی دە مالە و دەدرێ بەو دە مالە.

3. لە وێ ڕۆیشتین چووین بۆ "پاشبلاغ". گوندی پاشبلاغ 42 بنەمالەیە، 342 نەفەری تێدادەژی، 29 کیلۆمیتر لە بۆکان دوورە و ڕووبەری لەوەرگە و خانوو و زەویوزاری 1235/92 هێکتارە. گوندی پاشبلاغ لە بەینی دوو دیاردە و نیشانگەی بەناوبانگدایە: یەکەم کۆشکی خاتزارا و دووەم پێمەڕەی فەرهاد. دەلێن فەرهاد عاشقی خاتزارا بووە و ویستوویەتی لە بەری باشوورەوە ئاو بەرێ بۆ بەری باکوور؛ یانی ئاو لە بەری حاجیکیمییەوە بەرێ بۆ بەری کۆشکی خاتزارا.

کێوی حاجیکیمی قوولاییەکی لێیە وەک جێگا دمی پێمەڕە وایە، بەوە دەلێن "پێمەڕەی فەرهاد". لە پشت ئەو جێگا پێمەڕەیە کانییەکی لێیە بە ناوی کانی "قاڕی مووسا". ئەو کێوە کە بە حاجیکیمی مەشهوورە دەچێتەوە پشت مالی قەرەگوێز و خولامالی کە بەشی شاری سەقزە. لە پشت پێمەڕەی فەرهادەوە بە دیوی گوندی کۆکەدا کێوێکی لێیە پێیدەلێن "هەوارەبەرزە"، دوای ئەو لووتکە و کێوە دەگاتە لووتکەیەکی بلیند ڕووبەڕووی گوندی کۆکەیە پێیدەلێن "پێشبارماغ"، کەمێک ئەولاتر کە زۆر بلیندە پێیدەلێن "زەردەڕووخاو" لە سەر ئەو کێوە بە دیوی عەیشاباد

یان عیشـقاباد کانی و ئاوێکی لێیە پێی‌دەڵێن "کانی‌کووپە"، مووچە و مەزرایەکی خۆشـی لێیە پێی‌دەڵێن "نەقشی وان"، رووبـەرووی گونـدی قەرەڵـی لووتکەیەکـی بڵینـدی لێیە پێی‌دەڵێـن "بابە قەتار"، ئیتر دەگاتە شـاخی یەک‌تیشـە کە رووبەرووی گوندی قەرەگوێزە. کێوی حاجی‌کیمی لە بەینی گوندەکانی پاشـبڵاغ، چواردیوار، کۆکە، عەیشاباد، قەرەڵی، دەروێشان، پردی قوڵەبزز و قەرەگوێزدایە.

ئەوجـار چووینە کۆشـکی خات‌زارا لـە باکووری گوندی پاشبڵاغە، رووبەرووی گوندی تەرەغە و پاشبڵاغە. کۆشک رووی لـە خۆرهەڵاتە، دوو دیوی هەیە جێگای چوار نەفەر دەبێتەوە، لە شـاخ داتاشـراوە، هێندێک دەڵێن دەسـتکارە، بەڵام بە مـرووری زەمان کوێر بۆتـەوە. هێندێکیش دەڵێن هەر لـە شـاخە ئەشـکەوتەکە، دەڵێـن فـەرهاد ئـەوەی بۆ خاتووزارا ساز کردووە، بەڵام چووە لەو بەری حاجی‌کیمی ئاوی بـۆ بێنێ نەگەیشـتووەتەوە و مـردووە، وەکوو زۆر ئەوینداری دیکە بە مراد نەگەیشتووە.

شـاخی کۆشک چەند تایبەتمەندی هەیە1. دەوروبەرەکەی هەموو سەنگی جوان و رەنگاورەنگ بووە، بەردەکەی رەنگی قاوەیی‌یـە و خاڵی رەش و سـپی تێدایـە، خەڵک دەیانکردە دەسـکەخەنجەر، مۆدنـە و مەرمەڕ. لە رابردوودا لە شـار و دێوە دەچـوون دەیانهێنا ئەوانەیان لێ دروسـت دەکرد. مامۆستا هەژاردەڵێ:

کۆشکی زارا کە بە خاڵ نەخشاوە
هەژدیهای نەمری لە داوێن ماوە
سەنگی ئەوێ لە هەموو جێگایەک پووڵی زیاتر دەکرد.

2. لە پەنا کۆشکی خات‌زارا سێ لووتکەی بڵیندی لێیە پێی‌دەڵێن "سێ‌کەڵەکان" لە قەدیمدا کە رۆژئەژمێر و حیسابگەر نەبووە، هەر کات لـە بەهاردا سـێبەری ئەوێ لـە دەرکی مزگەوتی تەرەغـەی دابا، ئیتـر ئەوە هەوەڵی بەهار بـووە؛ یەک رۆژ پاش و پێشی نەبووە. بەردێکی سپی لێبووە کە لە وێی داوە.

3. شاخی کۆشک لە باکوورەوە دەچێتەوە کێوی بەناوبانگی "تەرەغە" و "پیرسڵەمان". لە کۆشکەوە دەچێتەوە لووتکەیەک بـە ناوی بەردەرەشـان، دەچێتەوە قورەرەشـە، دەچێتەوە باسـکێک بـە نـاوی "گردەرووتـە". لـە وێشـەوە دەچێتە گزرەپانێک بە ناوی "کەماجار"، ئەوجار دەچێتەوە گرەبەردێک بە نـاوی "بەردەقـووچ"، دەچێتـەوە بسـتوویەک بە ناوی "شامحەممەد"، دەڕواتەوە تیرەگێک بە ناوی "عەوەزخان"، ئیتر دەچێتەوە سـەر شاخی "تەرەغە". شاخی تەرەغە زۆر بەناوبانگە، بڵیندی 2224 میترە. مێژووی چۆنییەتی شاخی تەرەغە ئەوەیە زۆر کۆنە. دیارە لازمە ئەوە بزانین شـاخی تەرەغە چوار قەڵای زۆر مەشهووری لە دەورەدایە: لە لای رۆژهەڵاتەوە "قـەڵای رۆژبەیانی". لە گوندی "عەزیزکەند"، لـە لای رۆژاواوە "قـەڵای جانـە". لـە گوندی "باخچـە"، لە لای باکـوورەوە "قـەڵای خـاو". لە گوندی "سـەردەراباد" لە لای باشـوورەوە "کۆشـکی خات‌زارا" و "سێ‌کەڵەکان".

4. لە پشتی کۆشکی خات‌زارا بۆ لای گوندی باخچە رێکەوتین، گەیشـتینە کێوی گێچی‌قڕان. لەو بەینەدا دووکانی خۆش و روونـی لێیە بە ناوەکانـی "کانی باریکـە" و "کانی چاوە". لە سـەر کانی چاوە لامـان دا، چۆڕێکمان ئاو خواردەوە و چووینە سەرچاوەی. چاوە وەکوو چاوی جوانان لە چاوی دەدا، ئیتر گەیشتینە مەرزی گوندی باخچە.

5. پێنجەمیـن جێـگا کە لێمـان روانی هەژدیهاداشـی بوو. ئەویـش لە سـەر تیرەگێک بوو کـە لە دیـاری و نەدیاری گوندی باخچەدایە. سـەنگێکی گەورەیە بە شکڵی هەژدیهایە و دوولـەت کـراوە. سـەرەکەی ئـەو هەژدیهایـە قرتـاوە و بـۆ ئـەوەی لە نێـو نەچێ خەڵکـی بردوویانـە و لە بەر دەرگای مزگەوتـی باخچـە دایانناوە. دەڵێن ئـەوە زیندوو بـووە حەزرەتی عەلی کردوویە بە سـەنگ. لەو مەڵبەندەدا زۆر مەشـهوورە. لەوێـش تێپەڕین ئیتر گەیشـتینە خاک و زەوی‌وزاری گونـدی باخچە بە چۆمی "پـردی قەواغان"دا یەکسـەر چووینە قەبرسـتانی "مەلابادین" کە لە بن کێوی بڵیندی "میرقاز" یان "میرقاس"دایە، قەبرستانێکی خۆش پڕ لـە دار و گوڵ و گوڵزار و خاوێن، دیارە لەمێژینەیە و زۆر پیاوی گەورە و ناودار و میرەمێردی لە ئامێزی خۆی گرتووە. چووینە سـەر گۆڕی هونەرمەند "عەلی کەردار"، فاتیحامان خوێنـد بـۆ هەموویـان و کوتمان ئـەی دونیای بـێ وەفا!

ئەگەر چاوێک لە مەڵبەندی کفن‌پۆشان بخشێنن، سەری دڵ سـوڕ دەمێنێ، چەند سەیرە شـاری خامۆشان. لەوێشەوە زۆرمـان سـەیری کێـوی باسـەفای میرقـاز کـرد. کێوی "میرقـاز" بڵینـدی 2225 میترە و 21 کیلۆمیتـر لە مەهاباد دوورە و 38 کیلۆمیتـر لـە بۆکان. لە باکـوورەوە بە کێوی بەناوبانگـی تەرەغـە و پیرسـڵەمان و لـە باشـوورەوە بە کۆشکی خات‌زاراوە نووساوە. لە بەشی رۆژاوادا دەچێتەوە سـەر زنجیرەکێـوی پیرسـەوز و جانگیـر و زەرگەتان کە دەچێتەوە پشـت ماڵی بەیرەم و حوسـێن‌ئاباد. لەو بەینەدا ئەشکەوتێکی لێیە کە زۆر گەورەیە بە ناوی "سەرووەشێن". کێوی "میرقـاز" لـە کێـوە بڵیندەکانی زاگرۆسـە و لە بەینی گوندەکانی: باخچە، سـەرباخچە، کانییـەرەش و قۆڵغەتەپە هەڵکەتـووە. لـە بەرقـەدی کێوەکـە دوو ئەشـکەوتی لێیە، یەکیـان رووبـەرووی سـەرباخچە بە ئەشـکەوتی میرقاز دەناسـرێ، لـە داوێنی کێـوی‌دا خـڕودوڵ و کانی‌وئاوێکی خۆشـی لێیە بە ناوی "دۆڵـی گوێزەکوێرە"؛ بـەهاران کوڕ و کچ بۆ گەشـت و سـەیران و لا بردنی تەم و غەم دەچنە سەری. وەک مامۆستا هەژار دەڵێ:

شانی "میرقاز" کە چڕ و بژوێنە
زیندەوەر لێی دەگەڕێن "دژوێنە"

**کێـوی میرقاز.** ئیتر ئەوجار بەرەو نێودێی باخچە گەڕاینەوە، دیـارە گوندی باخچـە لە رابردوودا وەک شـار وا بووە و دێیەکی سەرسـەوز، خاوەن ئـاو و باغ و کانی بووە. وەک دەڵێن ماڵی گەورە و پیاوی زانا و ناودار و دەوڵەمەندی لێ بووە و لێی هەڵکەوتووە. باخچە دێیەکی کۆن و قەدیمییە:

1. کاتـی حەملـەی مەغوول بـۆ ئێران لە سـاڵەکانی 615ی هیجـری قەمـەری بەرابـەر بـە 1218ی میـلادی و گرتنی هەمـووی ئێـران و دەوروبـەر و جێگر بوونیان لە شـاری مەراغـە و تەورێز بە ناوی پایەتەختی حکوومەت و ماوەی دوو سەدە دەسەڵاتداریان، سەدەی 7 و 8 هیجری قەمەری و گۆڕینـی زۆربـەی ناوەکانـی گونـد و مـەزرا و کێـوی کوردسـتان و دانانی ناوی تورکی مەغوول لە سەر ئەوان. دیارە گوندی باخچەش لەو هێرشە و لەو هەڕەشەیە بێ‌بەش نەبـووە، هەر بۆیـە زۆری کێـو و مـەزرا و چۆمیش ناوی تورکـی مەغوولیان لە سـەر داندراوە؛ وەکـوو: قەرەوڵان، باسکی قاڕی، قەشقەدەرە، چۆمی قەواغان و میرقاز.

2. حەسـەن‌عەلی‌خانی گەڕووسی ناسـراو بە ئەمیرنیزامی گەڕووس کوڕی محەممەدسادق‌خانی گەڕووس کە بۆخۆی لـە هۆزی کوردی گەڕووسـی کەبوودوەند بووە بۆخۆی و بـە قشـوون و قۆشـەنێکی زۆرەوە بۆ داکوژانی شۆڕشـی هەمزاغای مەنگوڕ دێتە باخچە لە وێ دادەمەزرێ و حەشار هەڵدەگرێ. دوای زۆر هات‌وچۆ و مانەوە بەو هێزە زۆرەوە هەر لـە نێـو دێی دەبێ و لە سـەر ماڵان دەبـن و بە هۆی تێکۆشانی زۆری سەرۆک‌عەشیرەتەکان وەکوو گوڵاویاغا و عوسـماناغا و خدراغا و نامە گۆڕینـەوە، ئەوان ئەمیرنیزام لە هێرش بۆ سەردەشت پەشیمان دەکەنەوە دیارە پووڵێکی دەدەنێ بە ناوی پێش‌کێشی بە بڕی 500 تمەن ئیتر دەگاتە ئـەو قەناعەتە کـە گوندی باخچە جێ بێڵێ و بەرەو مەهاباد بگەڕێتەوە. دواتر زۆر تەوسـیفی ناوچە و خەڵک و گوندی باخچە دەکا.

3. لە گوندی باخچە چەند جێگای لێیە بە ناوی قەڵای جانە، کانی جانە، شـاری جانە و قەبرستانی جانە. ئەوە نیشانەی

ئەوەیە کە گوندێکی قەدیمی و کۆنە و زۆر وێدەچێ لە رابردوودا گوندی باخچە مەرکەزییەتی هەبووبێ بۆ ئەو دێهاتەی دەوروبەر. "گوندی باخچە" مەحاڵی ئێڵتەیموورە؛ 38 کیلۆمیتر لە بۆکانەوە دوورە؛ 70 بنەماڵەیە و 417 نەفەری تێدا دەژی رووبەری تەواوی زەویوزاری و کێوپارە و لەوەڕگە و کێڵگە و جێ خانووی 1896/70 هێکتارە. کێوی بڵێندی باخچە میرقازە کە 2225 میترە. قەبرستانی باخچە: مەلابادین، حاجی برایم، قەبرستانی جانە.

**کانی و ئاوی باخچە:** گوێزەکوێرە، کانی جەند، کانی ژنان، کانی گەوە، کانی خەسرەو، کانی جانە و زۆری دیکە.

**مووچە و کێڵگەی باخچە:** چۆمی قەواغان، هەوارەبا.

**قەڵاتکا** ـ باغی مێوان، دێبەر، مارەولە، کەرێزان، باسکی قاری، قەشقەدەرێ، قەرەوڵان، قاشاغان، حاجی بەکر، کانی مووسا و تەپکی جوولەکان، خڕی زاخە و زۆری دیکە.

**زانا و پیاوە بەناوبانگەکانی باخچە:** دیارە گوندی باخچە وەکوو زۆربەی دێهاتی کوردستان عالم و نووسەر و هونەرمەند و خوێندەوار و پیاوی زانا و کەیخودای چاک و ناوداری زۆر لێ بووە و هەیە، بەڵام لەبەر زۆربوونی ناویان ئیشارە بە چەند کەس دەکەم:

1. زانای بەناوبانگ مودەڕڕیس و دەرسبێژی کەموێنە و نموونە مەرحوومی حاجی مامۆستا سەید کەریم واژەیی مودەڕڕیس بووە کە وێردی سەر زار و هەڵکەوتووی ئەوکاتی رۆژگار بووە. ماوەی 20 ساڵ لە گوندی باخچە تەدریسی کردووە و هەمیشە نزیک بە 15 نەفەر فەقێی موستەعید و سووختەی لە خزمەتدا بووە. مامۆستا کوڕی مەرحوومی سەید محەممەد لە ساڵی 1262ی شەمسی لە گوندی کانی هەڵووژەی ناوچەی دەشتەتاڵی بانە لە بنەماڵەیەکی هەژار هاتووەتە سەر دونیاوە. دوای خوێندنی سەرەتایی و هێندێک لە عیلمەکان لە شاری بانە لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستی زانای بەناوبانگ مەلا سەید حوسێن تاهیربوغەیی دەچێتە شاری سلێمانی لە خزمەت مامۆستا شێخ عومەر قەرەداغی زانای ناودار باقی عیلمەکان دەخوێنێ و ئیجازەنامە (بڕوانامە)ی دەرسبێژی و فتوا وەردەگرێ و دوای هاتوچۆ و چەند جێگای دیکە دێتە گوندی باخچە سەرگەرمی تەدریس و خزمەت بە دین و دونیای گەلەکەی دەبێ و زۆرێک لە خوازیارانی زانین و فێر بوون بە پلەی تەواوی زانایی دەگەیەنێ و بڕوانامە وەردەگرن و حەواڵەی هەندەران دەکرێن؛ ئەوانە لە حزووری ئەو زانایەدا تێگەییشتوون و پێگەییشتوون: مەلا محەممەدسادق وەجدی قزڵجی، مەلا حەکیم تاڵشی، مەلا سەلام بانەیی، مەلا سەید حوسێن سیسێری، مەلا حیسامەددین ماجیدی، کوڕی خۆشەویستی خۆی مەلا سەید ئەحمەد مودەڕڕیسی. لە شاگردانی ئەو بەڕێزە دوو شاعیر و ئەدیبی ناوداری ناوچەی موکریان سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، عەبباس حەقیقی بووە.

2. مامۆستا مەلا سەید حەسەن ئارام لە گوندی باخچە بووە کە پیاوێکی بەئەدەب و ئەمین و زانا و مەلاچاک بووە.

3. مەلا حەسەن ڕەحیمی ناسراو بە مەلا حەسەنی قەڵایە عالم و بەدین و بەئەدەب و ماوەی 15 ساڵ لە وێ تەدریسی کردووە و 5 ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی شادا لە زیندانی ورمێ زیندانی بووە و چەندین مامۆستای ئیجازە داوە و بۆ خزمەت ڕەوانەی هەندەرانی کردوون: مەلا ڕەحمان کەلبەڕەزاخانی ناسراو بە مەلا ڕەحمان محەممەد حەسەنزادە، مەلا عەلی ئەتهەمی ناسراو بە مەلا عەلی شاریکەندی کە هەر دووکیان زۆر مەلای چاک بوون و بە ڕەحمەتی خودا شاد بوون.

4. لە زانایانی گوندی باخچە کاک سەلاح ئاشتییە کە ئێستا لە شاری مەهاباد دەژی و یەکێک لە شاعیران و نووسەران و وەرگێڕانی زانا و بەهەستی ناوچەی موکریانە و زۆری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردووە و بە بیری پڕ لە هەستی و هەستی پڕ لە ویستی زۆر کتێبی بەبایەخی خستووەتە سەر کۆی خەرمانی گەورەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. ئەوە لە گوندی باخچە و بە هەوای بەهێز و شنەبای بەسۆزی کێوی میرقاز خڕەکە بووە، پێی گرتووە و گەورە بووە و زۆری دیکەی زانا و ناوداری لێ هەڵکەوتووە کە لە شارەکان سەرگەرمی خزمەت بە خەڵکن؛ مامۆستای زانستگا و دواناوەندی، دوکتۆری لەشساغی، کارمەندی دڵسۆز و زۆریان لەوانە لە ڕوانگەی عیلمی و زانستییەوە ئەهلی نەزەرن بۆ قوتابی و خوێندەواری زانکۆ جێگای باوەڕن لە زانایی و دڵسۆزیدا. دیارە لێرەدا ناگونجێ بە ناو باسیان بکرێ لەبەر درێژی وتار. هەروا **گوندی باخچە جێگای هونەر و هونەرمەند بووە بەتایبەت:**

1. هونەرمەندی بێناونیشان کە زۆر پیاوێکی پیر و زانا بووە بە ناوی ساڵەکوردە (مامساڵە). ئەوە بە هۆی بێ کەرەسەیی و بێ مەبالاتی بە هونەر و هونەرمەند بەداخەوە ئاسار و شوێنەوارێکی وەکوو دەنگ و ڕەنگ لە دوا بەجێ نەماوە؛ عەلی کەردار دەڵێ مامۆستای من بۆ فێر بوونی بەیت و حەیران دوو نەفەر بوون 1. مام ساڵەکوردە 2. ئاوڕەحمان کە خەڵکی قەڕەڵی بووە. مامساڵە زۆری دەزانی، ئەمن منداڵ بووم، دەچووم لە لای فێر دەبووم؛ هێندە پیر بوو هەر نووزەی لێوە دەهات؛ فێری دەکردم. دەچووم بۆ قەڕەڵی هەتا لە ئاوڕەحمانیش فێر بم.

2. هونەرمەندی ناوداری ناوچەی موکریان عەلی گەللەبانی ناسراو بە عەلی کەردار کە هەر لە گوندی باخچە لە ساڵی 1307ی هەتاوی لە دایک بووە، فرچکی گرتووە، خڕەکە بووە، پێی گرتووە، گەورە بووە، فێر بووە و پێگەیشتووە. جارێکیان هاتبووە زاواکێو، گەلۆیەکی کوت لە نێو باغی سێچاکان، ئێستاش لە گوێمدا دەنگ دەداتەوە. کوتی ئەی گەلی دە دۆست و برادەران توخواکەی ئەگەر من مردم بۆم بگێڕن گەرمەشینێ، لە سەر مەیتەکەم پشتێند شل و شەدە شل و شلومل و بەرموور لە مل و چاو بە کل و نێوقەد بە زورارییان. ئەمن کوتم کاک عەلی جا ئەوە فەرقیان چییە، کوتی مامۆستا ئەوە ناسنامەی هەمووی ناوچەکانی کوردستانی لێ دیاری دەدا. هەر یەک لەوانە بە ناوچەیەک مەربووتە و تایبەتی ئەوێیە. بۆ نموونە پشتێند شل تایبەتی ناوچەی موکریانە. عەلی کەردار لە هەر کۆڕێک بیکوتبا خەڵک بێدەنگ دەبوو گوێی لێ ڕادەگرت. ئەمن کەلیمەی ئاوام لە حاجی سمایل کاکەلاوی مەحمەشەی سەرێ نەبێ نەدیوە و لە کەسم نەبیستووە، بەڕاستی ئەویش جوانی دەکوت. قەبری هەموویان پڕ بێ لە نوور ئینشائەڵڵا. دیارە هەمووی ئەوانە نیشانەی ئەوەیە کە گوندی باخچە وەکوو زۆربەی دێهاتی کوردستان گوندێکی مێژوویی و مەکۆی زانست و پێشکەوتن بووە. دوای هەمووی ئەو گەڕان و سووڕانە، دیدارێک لەگەڵ دیاری دۆستان، بیرێک لە بواری ژیان، ژیانێک کە دەڕوا بەرەو نەمان، بە هیوای پڕ لە ئاخ و ئاخی پڕ لە داخ و شەڕ لەگەڵ دنیای بێ وەجاخ بەرەو ماڵ بەبێ هەواڵ گەڕاینەوە.

سەرچاوەکان:


1. کتێبی (سردشت در آیینەی اسناد تاریخی) فەرەیدوون حەکیمزادە، ل 92.
2. فرهنگ و تمدن اسلامی، دکتر علیاکبر ولایتی، ل 162.
3. گیتاشناسی ایران، مهندس عباس جعفری، ل 526.
4. تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، ابراهیم افخمی.
5. دانشمندان کرد در خدمت علم ودین، استاد عبدالکریم مدرس، ترجمەی دکتر حواریٰنسب.
6. تاریخ مشاهیر کرد، بابامردوخ روحانی، ب 3، ل 383.
7. عەبدوڵڵا ئەفسەری 8. عومەر ئەحمەدی 9. سەید ئەنوەر دادەک 10. جەعفەری پاشبڵاغ 11. حاجی ئەحمەد میرانی (داربەسەر) 12. ئەبووبەکر گوڵبەخش برازای عەلی کەردار.
13. گەڕانی دەورەیی و چوونە دەرێی خۆم چەند جار.